


هونەرمەندی لوبنانی وەلید تەوفیق سەرەتا بە چەند کارێکی سینەمایی هاتە ناو بواری هونەرەوە و وەك ئەکتەرێك ناسرا، لەو فیلمانەی بەشداری تێدا کردووە وەك گۆرانیبێژێی سەرکەوتوو بەهرەکانی لە بواری گۆرانی گوتندا دەرکەوت، بەڵام بەر لەوەی بەشداری لە چەند فیلمێکدا بکات بوونی خۆی سەلماند بوو وەك گۆرانیبێژێکی سەرکەوتوو و هەر ئەوەش بووە هۆکارێك کە لە فیلمەکاندا رۆڵی پێ بسپێردرێت و تێیدا سەرکەوتوو بێت، وەك زۆربەی گۆرانیبێژە لوبنانییەکانیش دەرکەوتنی بەهرەکانی لە رێگای ئەو بەرنامە هونەرییانە بووە کە لە لوبنان ساز دەکرێن بۆ دۆزینەوەی دەنگە نوێیەکان، هەرچەندە تەمەنی لە نیو سەدە تێی پەراندووە، بەڵام ئێستاش گەنجێتی پێوە دیارە و بەردەوامە لە پێشکەش کردنی کاری هونەری نوێ، ئەگەرچی بەشێوەی پچڕ پچڕیش بێت، دوای ئەوەی پەیوەندیمان بە مامۆستا زاهر قاسمی بەڕێوەبەری کارەکانییەوە کرد بۆ سازکردنی ئەم دیمانە سەرەڕای ئەوەی سەرقاڵی ئەنجامدانی چەند کارێکی هونەری بووە، بەڵام ئامادەیی خۆی نیشان دا وەڵامی پرسیارەکانمان بداتەوە و خۆشحاڵی خۆیشی دەربڕی بەوەی لەگەڵ دەزگایەکی راگەیاندنی کوردیدا قسە دەکات.

●●●
**من زۆر حەز لە مۆسیقای کوردی دەکەم**
●●●

# وەلید تەوفیـ

# پشتگیری لە هەموو نەتەوەیەک دەکـ

**سەرەتا دەربارەی چۆنیەتی هاتنی بۆ نێو بواری گۆرانی گوتن و هەنگاوە سەرەتاییەکانی لە بواری هونەردا هونەرمەند وەلید تەوفیق گوتی:**

- بەر لەوەی دوست بە کاری هونەری و گۆرانی گوتن بکە لە بواری کارەبا کارم دەکرد، دواتر وەك زۆربەی گەنجانی لوبنان دەرفەتی ئەوەم بۆ رەخسا بەشداری بکەم لە بەرنامەی (ستودیو الفن) لە ساڵی ١٩٧٤دوای ئەوەی بەشداریم لەو بەرنامەیەدا کرد توانیم ببم بە یەکێك لە سەرکەوتووەکانی بەرنامەکە و مەدالیای زیویم بەدەستهێنا.

*** بەزۆر شێوەزاری عەرەبی وەك ( لوبنانی، میسری،کەنداوی ) گۆرانیت گوتووە کامیان لە تۆ نزیکترن ؟**

- هەموو ئەو شێوەزارانەم کە گۆرانیم پێ گوتووە لای من خۆشەویست بوون و حەزم لە شێوەی گوتنیان کردووە، پەنا بە خوا بۆ جەماوەری خۆم لە عێراق و بە شێوەزاری عەرەبی و زمانی کوردیش گۆرانی دەڵێم.

*** بۆچی تا ئێستا بە شێوەزاری عێراقی یان زمانی کوردی گۆرانیت نەگوتووە؟**

- وەك پێشتر پەنا بە خوا ئەگەر کەسێك داوام لێ بکات یان گۆرانییەکم پێشکەش بکات ئەوا لاریم نییە و بێ دوو دڵی دەیڵێم، چونکە من زۆر حەز لە مۆسیقای کوردی دەکەم.

دیمانە/ خەلیل بلەیی
Xalil٢٠٠١@yahoo.com



...ق بۆ گوڵان:

# ...ەم کە لە مافەکانی بێبەش کرا بێت

**رەنگە دوور کەوتنەوەم لە سینەمادا بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە من زیاتر لە بواری گۆرانی گوتندا سەرکەوتوو بم**

***هونەر لە کوردستان و لە نیشتیمانی عەرەبیش بەدەست زۆری بەناو و هونەرمەندانەوە دەناڵێنێ و هەرچییان بیەوێ دەیڵێن پێتوایە هۆکاری ئەو قەرەباڵغییە چییە؟**

- پێم وایە ئەم قەرەباڵغی و بێسەروبەرییە بۆ راگەیاندنی بینراو دەگەڕێتەوە، چونکە ژمارەیەکی زۆری کەناڵی تەلەفزیۆنی ئاسمانی هەن و رێگا بەو کەسانە دەدەن کە خۆیان ناوناوە هونەرمەند لەسەر شاشەکانیان دەرکەون بێ ئەوەی گوێ بە ناوەڕۆکی کارەکانیان بدەن یاخود هەڵسەنگاندنێکیان بۆ بکەن.

*** پێشتر بەشداریت لە هەندێك فیلمی سینەماییدا کردووە، بەڵام ئێستا لە سینەمادا نابینرێی، هۆی ئەم دوور کەوتنەوەت لە سینەما بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- رەنگە دوور کەوتنەوەم لە سینەمادا بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە من زیاتر لە بواری گۆرانی گوتندا سەرکەوتوو بم، من پێشتر بەشداریم لە زیاتر لە ١٠ فیلمدا کردووە و رۆڵی جیاجیام تێدا بینیوە، دڵنیام ئەگەر ئێستا بەشداری لە هەر فیلمێکی سینەماییدا بکەم وەك فیلمەکانی پێشووم سەرکەوتوو نابم و ئەو خۆشەویستییەی جەماوەر بۆ منیان هەیە وەك ئەکتەرێکی سینەمایی نامینێ، هەروەها ئێستا ئەکتەرەکانی سینەماش هەرچەندە هەموویان بە ئەستێرە دانانرێن، بەڵام زۆرن و فیلمەکانیش زیاتر کۆمیدین بۆیە دوورکەوتنەوەم پێ باشترە.

***چ پەیوەندییەك لە نێوان هونەر و سیاسەتدا هەیە، ئایا**

## وەلید تەوفیق لە چەند دێڕێکدا

* خەڵکی شاری تەرابلوسە لە بەرواری ١٩٥٤/٤/٨ لە دایکبووە ئێستاش خانەوادەکەی لە تەربلوس نیشتەجێن، بەڵام ئەو لە بەیروت نیشتەجێیە و منداڵەکانیشی لە میسرن.

* رۆڵی بینیوە لە ١٢ فیلمی سینەماییدا.

*لەبەر ئەوەی بەشداری لە چەند فیلمێکی سینەماییدا کرد لە میسر لەو وڵاتە ناوبانگێکی زۆری دەرکرد و هەر لەوێش لە لایەن جەماوەرە ناسرا و فیلمەکانی کاریگەرییەکی زۆریان هەبوو و شوێنی خۆی زیاتر لە نێو دڵی جەماوەردا کردەوە.

* هاوسەرەکەی جۆرجینا رزقە کە پێشتر یەکێك بووە لە شاجوانەکانی وڵاتی لوبنان.

* جگە لە رەگەزنامەی لوبنانی رەگەزنامەی کەنەدی و ئیتالیشی هەیە، چونکە دایکی جۆرجینا بە رەچەڵەك خەڵکی ئیتاڵیایە بۆیە توانی رەگەزنامەی ئیتاڵیش وەربگرێت.

* جەماوەرێکی زۆری هەیە لە سەرتاسەری وڵاتانی عەرەبی، چونکە وەك خاوەن کەسایەتییەکی بەهێز و هونەرمەندێکی خاوەن رەوشتێکی بەرز لەنێو جەماوەر ناسراوە.



**دەکرێ هونەرمەند سیاسی نەبێت ؟**

- هونەرمەندی زیرەك دەبێ سیاسی بێت بەو مانایەی کە سیاسەت کردن لە هونەردا نەك بەو مانایەی دەست لە کاروباری سیاسی و سیاسەتمەداران وەر بدات.

*** پەیوەندیت لەگەڵ هونەرمەندان چۆنە؟**

- بە گشتی پەیوەندیم لەگەڵ هەموو هونەرمەندان زۆر باشە و هەموویان زۆر خۆشەویستی منن .

*** ئایا هاوسەرەکەت رۆڵی هەبوو لە سەرکەوتن و بەردەوام بوونت ؟**

- هاوسەرەکەم هیچ پەیوەندی بە کاری منەوە نییە و ئێستا ئافرەتی ماڵە و خەریکی بەڕێوەبردنی کاروباری ماڵەوەیە.

*** ئایا خۆشەویستی شوێنێکی زۆری لە ژیانی وەلید تەوفیقدا کردۆتەوە؟**

- بێگومان ئەگەر خۆشەویستی نەبێت ئەوا ژیانی هاوسەرێتی بەردەوام نابێت.

*** بەم داوییە چەند کلیپێکت تۆمار کرد و بووە هۆی ئەوەی زۆر کەس رەخنە لە شێوازی تۆمارکردنی ئەم کلیپانە، چۆن وەڵامی رەخنەگران دەدەیتەوە؟**

- ئێمە ئێستا لە سەردەمی تۆمار کردنی کلیپین، چونکە بەڕای من ئەو گۆرانییە کە بە کلیپ تۆمار ناکرێت وەك ئەو کچەیە کە باوکی لە ماڵدا دەیشارێتەوە و ناهێڵێ کەس بیبینێ، جگە لەوە پێویستە ئێمەی هونەرمەند لەگەڵ نەوەی نوێ و پێشکەوتنەکاندا بڕۆین.

*** هەندێك کەس پێیان وایە دووبارە کردنەوەی ئەوە دەگەیەنێت ئەو هونەرمەندە هیچی پێ نەماوە؟**

- هەر کەسێك ئازادە بۆخۆی چی دەڵێ و چۆن بیر دەکاتەوە، ئێمە هەمیشە وتوومانە زۆر شت لە هونەرمەندانی پێشووی خۆمان فێری بووین، بۆ بیر هاتنەوەش خانمە هونەرمەندی گەورە فەیروز و زیاد رەحبانی و چەندانی دیکەش گۆرانییەکانی خۆیان دووبارە کردۆتەوە و هەمووشمان دەزانین ئەمانە هەمیشە دەتوانن شتی نوێ پێشکەش بکەن، بەڵام دووبارە دابەش کردنەوەی گۆرانییە کۆنەکان بۆ هەر هونەرمەندێك جۆرێکە لە درێژە پێدان بە سەرکەوتنەکانی پێشووتر، من خۆیشم یەکێکم لەو کەسانەی کە زۆر کەس رایانگەیاندبوو ناتوانم شتی نوێ پێشکەش بکەم، بەڵام بە شایەدی هەموو لایەك گۆرانییەکانم هەر زیندوون و هێشتا توانای ئەوەم هەیە کاری جوانتر پێشکەش بە جەماوەری خۆم بکەم .

*** هۆکاری ناکۆکییەکانی نێوان تۆ و کۆمپانیای رۆتانا**

**بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- کاتێك رووم لە کۆمپانیای رۆتانا بەو هیوایە بووم کە ببێتە هۆکارێکی کاریگەر بۆ پێشخستنی زیاتری کارەکانم، چونکە من شانازی بە مێژووی هونەری خۆمەوە دەکەم چ لە بواری سینەما یان لە گۆرانی گوتندا، دواتر بەو شێوەیە نەبوو کە من چاوەڕێم دەکرد بە یەك چاو سەیری من و زۆر هونەرمەند و ئەو کەسانەیان دەکرد کە تەنیا یەك گۆرانییان هەیە،، ناکۆکییەکان ئەو کاتە درووست بوون و ناچار بووم بکشێمەوە هەرچەندە من کاتێك بۆندم لەگەڵیان کرد لەسەر کاغەزێکی سپی مۆرم کرد.

بەهەر حاڵ بە هەوڵی هەموو لایەکمان کێشەکانمان چارەسەر کرد و ئێستا هیچ ناکۆکییەم لەگەڵ کۆمپانیای رۆتانا و هیچ کەسێك نییە کە لەوێ کار بکات و هەمووممان وەك برای خۆشەویستین.

*** بەڵام تۆ لە هەندێك بۆنەدا هێرشت کردبووە سەر کۆمپانیای رۆتانا؟**

- وەك گوتم جۆرە نا یەکسانییەك هەبوو و بە یەك چاو سەیری هەموو هونەرمەندانیان نەدەکرد، بێگومان نە من و نە هیچ هونەرمەندێکی دیکەی خاوەن ئەزموون و بە توانا بەمە رازی نابێت.

*** پێت وانییە دەستێکی شاراوە هەبێت لە پشت ئەم ناکۆکییەوە؟**

- نەخێر باوەڕ ناکەم شتێکی لەم جۆرە لە ئارادا بێت، چونکە من کێشەم لەگەڵ کەس نییە.

*** بە رای تۆ چ جیاوازییەك هەیە لە نێوان هەردوو کۆمپانیای رۆتانا و میلۆدی؟**

- ناتوانم باس لە جیاوازی نێوان هیچ کۆمپانیا یان کەناڵێك بکەم، چونکە هەر کەناڵێك پێگەی تایبەتی خۆی هەیە و بە شێوازێکی تایبەت بە خۆی مامەڵە لەگەڵ هونەرمەندان دەکات.

*** لە هونەرمەندە کۆن و نوێیەکان گوێ لە کێ دەگری؟**

- لە کۆنەکان گوێ لە عەبدولحەلیم حافز و محەمەد عەبدولوەهاب دەگرم، هەروەها من یەکێکم لە عاشقەکانی مۆسیقا خۆشەکەی مۆسیقاری گەورە بەلیغ حەمدی دەگرم و بەم دواییە گۆرانییەکم تۆمار کرد کە مۆسیقاکەی هی بەلیغ حەمدییە، لە هونەرمەندە نوێیەکانیش زۆر گوێ لە فەزل شاکر، عاسی حلانی، جۆرج وەسوف، ملحم بەرەکات و شیرین عەبدولوەهاب دەگرم.

*** هونەر چی پێ بەخشی و لە چی بێبەش کردی؟**

- بێگومان هونەر زۆر شتی پێ بەخشیوم لە سەرووی هەموویان خۆشەویستی جەماوەری پێ بەخشیوم کە بە لای من گەورەترین و پڕ بەهاترین سەروەت و سامانە، سوپاس بۆ خوا هونەر هیچی لێ نەسەندووم و لە هیچ شتێکی وای بێبەش نەکردووم کە شایەنی باس کردن بێت.

*** تەنیا بە زمانی عەرەبی گۆرانیت گوتووە؟**

- بەڵێ تا ئێستا تەنیا بە زمانی عەرەبی گۆرانیم



گوتووە.

*** چ زانیارییەکت هەیە دەربارەی جەماوەری خۆت لە کوردستان؟**

- پەنا بە خوا لە نزیکترین دەرفەتدا چاوم بە جەماوەری خۆشەویستی خۆم دەکەوێت لە کوردستان.

*** تۆ یەکێکی لەوانەی هەمیشە پشتگیری لە مافی گەلی فەلەستینی دەکەی، چ زانیارییەکت هەیە گەلی کورد و کێشە رەواکەی و ئەو کارەساتانەی بەسەری هاتوون؟**

- نەك تەنیا گەلی کورد یان فەلەستینی، بەڵکو من پشتگیری لە مافی هەموو ئەو گەلانەی سەر زەمین دەکەم کە لە مافەکانیان بێبەشن لەوانەش گەلی کورد و فەلەستینی و گەلی عێراقیش .

*** ئەگەر دەسەڵاتداری وڵاتێکی عەرەبی بووای هەڵوێستت بەرامبەر کێشە کورد چی دەبوو؟**

- هەرچەندە من سیاسەتمەدار نیم، بەڵام من هەر چییەك بێ پەنا بە خوا بە دەنگی خۆم بەرگری لە مافەکانی گەلی کورد دەکەم .

*** دوایین کاری هونەرت چییە؟**

- وەك پێشتر باسم کرد بەم دواییە گۆرانییەکم تۆمار کرد لە مۆسیقای بەلیغ حەمدی، هەروەها بە نیازم ژمارەیەك ئاهەنگ لە چەند وڵاتێکی عەرەبیدا ساز دەکەم و بەشداری لە چەند فیستیڤاڵدا دەکەم، بەر لە ماوەیەکیش ئاهەنگێکم لە فەرەنسا ساز کرد کە داهاتەکەی بۆ منداڵانی غەززە بووە.

*** چیت ماوە بە جەماوەری خۆتی بڵێی؟**

- پێیان دەڵێم زۆرم خۆش دەوێن و هیوادارم لە داهاتوویەکی نزیکدا لە هەولێر چاومان بە یەك بکەوێ.

●●●
**پێویستە ئێمەی هونەرمەند لەگەڵ نەوەی نوێ و پێشکەوتنەکاندا برۆین**
●●●

●●●
**دووبارە دابەش کردنەوەی گۆرانییە کۆنەکان بۆ هەر هونەرمەندێک جۆرێکە لە درێژە پێدان بە سەرکەوتنەکانی پێشووتر**
●●●

●●●
**لە نزیکترین دەرفەتدا چاوم بە جەماوەری خۆشەویستی خۆم دەکەوێت لە کوردستان**
●●●

یەکێك لەو دراما کوردییانەی کە لەم دوو ساڵانەدا پێشکەش کرا زنجیرە درامای (گەردەلوول) بوو لە دەرهێنانی هونەرمەندی بە توانا (جەلیل زەنگەنە) بە هەردوو بەشی یەکەم و دووەمییەوە، هەرچەندە درامای کوردی بە شێوەیەکی گشتی بە سەردەمێکی ناسك و کەم بەرهەمیدا دەڕوات و لە زۆر رووەوە (گەردەلوول) بە یەکێك لە زنجیرە سەرکەوتووەکان دادەنرێت بۆ نموونە لە رووی هونەری و نواندنی ئەکتەرەکانەوە بەتایبەتی ئەو ئەکتەرانەی کە نوێ بوون و بۆ جاری یەکەمە دەردەکەون و هەندێکیان ناوبانگێکی زۆریان دەرکرد، بەڵام سەرەڕای ئەوەش لە هەندێك لایەنی دیکەوە رەخنەی زۆری لێگیرا بەتایبەتی لە رووی سیناریۆوە.

ماوەیەکە دەنگۆی ئەوە هەیە کەوا هونەرمەند جەلیل زەنگەنە خۆی ئامادە دەکات بۆ بەشی سێیەمی (گەردەلوول) بۆیە بە پێویستمان زانی لە بەسەر کردنەوەیەکدا جەلیل زەنگەنە بهێنینە ئاخاوتن.

دیمانە/ سۆران مارف
Soranmarif@hotmail.com



## جەلیل زەنگەنە:

# بەشی سێیەمی گەردەلوول ئەگەر لەوانی تر باشتر نەبێت نایکەم

*** لە بەشی یەکەم و دووەمی (گەردەلوول) رەخنەی زۆرت لێگیرا لە زۆر رووەوە، تۆ چۆن وەڵامی ئەم رەخنانە دەدەیتەوە؟**

- من لە زۆر چاوپێکەوتن و دیدارەکانمدا ئاماژەم بەوە کردووە کە ئێمە بەداخەوە رەخنەگری شارەزا و ئەکادیمیمان کەمە کە رەخنەی بابەتی بگرن ئەوەی هەیە تەنها بیروبۆچوون و رای تایبەتە کە قسە لەسەر درامایەك یان کارێکی هونەری بکات، ئەوەی کە رەخنەگرە پێویستە کۆمەڵێك زانیاری ئەدەبی و هونەری هەبێت، هەڵسەنگاندنێکی وای هەبێت هەموو لایەنە شاراوەکانی ناو کارەکە بزانێت و ئاشکرا بکات لە کارە ئیجابی و سلبییەکانەوە، دەست بۆ کەموکوڕی وێنەگرتن و دەرهێنان و رۆڵی ئەکتەر و لایەنە هونەرییەکانی تر رابکێشێت، بەڵام بە مەرجێك بەشێوەیەکی زانستیانە بێت بۆ نموونە هەندێك کارمان هەیە رەنگە دوای چەند رۆژێك لە بیر بکرێت، لە هەمان کاتدا هەندێك زنجیرە لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی رابردووەوە کراوە کەچی تا ئێستاش لە هزر وبیری خەڵکدا بە زیندوویی ماونەتەوە و تا ئەمڕۆش خەڵك تامەزرۆی ئەوەیە بیانبینێ.

هەندێك نهێنی هەیە لە هەندێك کاری هونەریدا رەنگە بینەر زوو درکی پێنەکات، بەڵام پێویستە رەخنەگر ئەو نهێنیانە ئاشکرا بکات بۆ ئەوەی لایەنی بەرهەمهێنەریش سوودی لێ وەربگرێت، هەندێك کەس هەن بە ناوی رەخنەگرەوە دەڵێت من هەقم نییە لەسەر وێنەگرتن و نواندن و دەرهێنان، بەڵام لەسەر بابەتەکە قسەم هەیە، ئەمە چۆن دەبێتە رەخنەگری راستەقینە، چونکە هەموو لایەنەکانی کاری درامی پەیوەستن بە یەکەوە کە باسی سیناریۆ دەکەیت پێویستە ئەوەش لە یاد نەکەی کە سیناریۆ ئاوێتە بوونیەتی بە هونەر بۆیە پێم وایە رەخنەگر پێویستە شارەزاییەکی باشی هەبێت لەرووی ئەدەبییەوە و پردێکی پەیوەندی لەنێوان بینەر و هونەرمەند دروست بکات وا لە هونەرمەند بکات بە کارەکانی خۆیدا بچێتەوە، نەك ئەو کەسانەی کوێرانە دادەبەزنە

سەر خەڵك و بێ ئەوەی توانایەکی باشی هونەری هەبێت هەر لە خۆیەوە ڕەخنەی هەبێت.

*** لە تەواوی ئەو ڕەخنانەی ئاراستەت کراوە، ڕەخنەی ئیجابی وا هەبووە کەوا بونیاتنەر بێت و تۆ بتوانیت سوودیان لێوەربگری ؟**

- بەڵێ بە دڵنیاییەوە دەڵێم زۆر ڕەخنەی لە جێی خۆیدا بووە و تێبینی جوان هەبوون و ڕەنگە من سوودێکی زۆرم لێوەرگرتبیت، چونکە هیچ بەرهەمێك لە وڵاتی ئێمەدا سەد دەر سەد بێ گرفت نییە، بەڵام منیش دەپرسم کوا ئامێرە باشەکانمان، کوا ئەو ستۆدیۆیانەمان کە بۆ تۆمارکردن کارێکی پرۆفیشناڵ گونجاو بن، کوا کۆمپانیا بەرهەمهێنەرە هونەرییەکانی تایبەت بە دراما، ئیمە تا ئێستا بە هەوڵی خۆمان کارەکان ئەنجام دەدەین، من ئێستا لە سلێمانی بەدوای لۆکەیشنێکدا دەگەڕێم کەچی دەستم ناکەوێت بۆ ئەوەی بتوانم کارێکی هونەری زۆر جوانی تێدا پێشکەش بکەم، بۆیە دەڵێم: بێگومان کەموکوڕیمان دەبێت، هەروەها لە رووی هونەریشەوە کێشەمان هەیە، ئایا چەند وێنەگر و دەرهێنەر و سیناریۆنووسی زۆر باشمان هەیە کە بتوانین پشتیان پێ ببەستین ئەمانە هەموویان بۆخۆیان پرسیارن .

*** ئەی سەبارەت بە هەندێك لەو ئەکتەرانەی لە گەردەلوول بەشدار بوون و ڕۆڵیان هەبوو و دواتر ڕەخنەیان لێگرتبووی چی دەڵێی؟**

- من ئامادەم هەموو ڕەخنەکانیان قبوڵ بکەم ئەگەر ڕەخنەکانیان بونیاتنەر و بۆ پێشخستنی کارەکەیە ئەمە کارێکی ئیجابی و پێویستە، بەڵام هەندێك ڕەخنە شایەنی قبوڵ کردن نییە بەتایبەتی ئەوانەی لە بەرژەوەندی تاکە کەسیدایە، هەندێك لە ئەکتەرەکان لە خودی کارەکە ڕەخنەیان گرتووە پاشان پەشیمان بوونەتەوە و داوای لێبوردنیان کردووە، برادەرێك کە لە بەشدار بووانی گەردەلوول بوو، هەمیشە پێی دەگوتم: تۆ مامۆستا و قوتابخانەی کاری دەرهێنانی، بەڵام کاتێك پێم گوت تۆ لە بەشی سێیەمی گەردەلوول بەشداری ناکەیت و ڕۆڵت تێدا نابێت، چوو لە ڕێگای دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە دەستی بە هێرش کردن و ڕەخنە گرتن کرد، وتمان بۆ ڕەخنەت هەیە ؟ وتی وەڵڵا کاك جەلیل تورەی کردووم، جا گرفتەکە لێرەدایە کە لەم وڵاتەدا هەندێك کەس بەم شێوەیە بیر دەکەنەوە، ئەمە لە کاتێکدایە کە گەردەلوول بۆتە هێما و دیاردەیەك و ڕۆژ نییە سەدان کەس پێم نەڵێن: مامۆستا گەردەلوول کەی دەست پێدەکاتەوە، من لە بەشی یەکەم و دووەمی (گەردەلوول)دا ئەزموونێکی زۆرم پەیدا کردووە بۆ بەشی سێیەم، کارێکی وام کردووە کە هەر کەسێك لە بەشداربووانی ( گەردەلوول) لەخۆبایی بێت یان منجە منج بکات بەدیلێکم بۆی هێناوە هەر ئەمەش بۆتە یەکێك لە هۆکارەکانی دواکەوتنی بەشی سێیەم، بەڵام سەرەڕای ئەمەش ئێستا سیناریۆی زیاتر لە ٤٠ ئەڵقەی بەشی سێیەمم تەواو کردووە و پێشبینی دەکرێت بەشی سێیەمی لە شەست تا پەنجا ئەڵقەی پەنجا خولەکی بێت ئەمەش بەڕاستی زۆر زەحمەتە و ژیانی تێکداوم، چونکە ئەم کارە بەرپرسیارییەتێکی زۆر گەورە و دووبارە کردنەوەی مێژوویە بەرامبەر بە میللەتێك بۆیە ئەم بەرپرسیارییەتییە پێویستی بە وردبوونەوە هەیە لەبەر ئەوە دەمەوێ لە (گەردەلوول) دا جوانی ژیان و بەهاکانی دەربخەم، زیاتر دەرخستنی هەوڵ و کۆششی شەهیدانی کوردستان و میللەتەکەم مەبەستە، ئێستا ئەو بینەرە زۆرەی بەشەکانی پێشووتر هانم دەدەن زوو بەشی سێیەم تەواو بکەم، بەڵام ئەگەر ئێستا ئەم کارە تەواو بکەم ڕەنگە پەلە کردنی پێوە دیار بێت و ئەگەر بە پەلەش کارەکە ئەنجام بدەم ڕەنگە ڕەخنەیەکی زۆرم لێبگرن، لێرەوە ئەم لە ڕێگای گۆڤای گوڵانەوە بە خوێنەرانی ئازیز ڕادەگەیەنم: بەشی سێیەمی گەردەلوول لە بەشی یەکەم و دووەمی ناچێت زۆر فراوانتر و جیاوازترە لە زۆر لاوە، لە بەشی سێیەمی گەردەولوول ئەکتەری جیاواز، بابەتی جیاواز، سیناریۆی جیاواز، شوێنەکان جیاوازن، ماوەکەی زۆرترە لە بەشەکانی پێشووتر، زۆر لە ئەکتەران کە لە بەشەکانی یەکەم و دووەم بەشدار نەبوون لە بەشی سێیەمدا بینەر بە دیداریان شاد دەبێت، هەروەها ڕەنگە هەندێك ئەکتەر کە لە بەشی یەکەم و دووەم بەشدار بوون لە بەشی سێیەمدا بەشدار نەبن و ڕۆڵیان نەبێت، ئەگەر سیناریۆی بەشی سێیەم وەکو بەشەکانی یەکەم و دووەم بێت واتە من تەنیا خۆم دووبارە دەکەمەوە و هیچی نوێ پێشکەش ناکەم، گەردەلوول باس لە ئازایەتی و نەبەردی گەلی کورد و درندایەتی ڕژێم دەکات کە چیمان پێدەکات و شۆڕشی کورد بەرهەڵستی دەکات و ڕووبەڕووی دەبێتەوە بۆیە من دەمەوێت بە وریاییەوە کار لەسەر بەشی سێیەم بکەم، هەقە گەردەلوول و ئەو بەرهەمە هونەرییانەی کەوا باس لە خەبات و قوربانیدانی گەلی کورد دەکەن دۆبلاژ بکرێن بۆ زمانی بیانی بۆ ئەوەی میللەتانی تریش بە مێژووی کورد ئاشنا بن و بزانن کورد لە ڕێگەی هونەرەکەیەوە شانازی بە مێژووی خۆیەوە دەکات و ئێمە لە ڕێگای ئەم بەرهەمانەوە بە نەوەی نوێ بڵێین ئەمە خەبات و مێژووی پر سەروەری ئێمەیە، چونکە بەداخەوە ڕەنگە زۆر کەس نەزانن مێژووی ئێمە چەند خوێناوی بووە و چەند شەهیدمان لەو پێناوە داوە تا گەیشتووین بەم ڕۆژە.

***واتە بەشی سێیەم جیاوازە؟**

- ئەگەر بەشی سێیەمی گەردەلوول لە بەشەکانی تری باشتر نەبێت ئەوا نایکەم.

*** هەندێك کەس ڕەخنەیان لە لایەنی مێژوویی، لە بەشی سێیەم چۆن هەوڵت داوە گرنگی زیاتر بە لایەنی مێژوویی بدەیت و پشت بە خەڵکی شارەزا و مێژوونووسان ببەستیت؟**

- من کاتی خۆی باسم کردووە و وتومە مێژووەکە خۆی ناهێنمەوە، چونکە ئەگەر مێژووی کورد شتی باش و جوانی تێدا بێت کە شانازیی پێوە بکەین، دەتوانم بڵێم شتی ناشیرین و خراپ و قێزەوەنیشی تێدایە واتە چەند ئیجابیاتی هەبێت سلبیاتیشی هەیە، ئەوەتا تا ئەمڕۆش جاش هەر جاشە خیانەت دەکات، تا ئێستا دەیانەوێ تۆی دووبەرەکی لەناوماندا بچێنن، چونکە ئەو کەسەی خۆی خیانەت چووە لەشییەوە بە زەحمەت لێی دەردێت، لەبەر ئەوەی من مێژوونووس نەبووم ڕەنگە هەندێك جار پشتم بە لایەنە مێژووەیەکەی بەستبێت بۆ دەرخستنی لایەنە جوانەکانی مێژووی گەلەکەمان، ئەگەر کەسێك ڕەخنەی هەبێت با ڕەخنەکەی لەسەر بنەمایەك بێت ببێتە هەوڵێك بۆ جوانکردنی کارەکە بۆ ئەوەی میللەتەکەمان لێمان نەڕەنجێت، چونکە ئەگەر میللەت پشتمان تێبکات ئەوە بە دڵنیاییەوە دەڕووخێین بۆیە لە گەردەلوولدا دەمەوێت مێژووەك بێنمەوە کە ڕاستی و خۆشەویستی تێدایە و ئێمە هەوڵ بدەین پەرە بەم خۆشەویستییە بدەین.

*** لە بەشی یەکەم و دووەم ڕۆڵی هەولێر و دەڤەری بادینان گرنگی پێنەدرابوو، ئایا تۆ لە بەشی داهاتوو هەوڵ دەدەیت گرنگی زیاتر بەم دوو دەڤەرە بدەی؟**

- مەبەستم لە بەرهەمهێنانی زنجیرە درامای گەردەلوول دەرخستنی شۆڕشی میللەتێکە نەوەك ناوچەیەك، من ئەم کارەم کردووە بۆ میللەتەکەم جا لە سلێمانی بێت یان لە هەولێر و زاخۆ یان کەرکووك هەموویان دژی ڕژێمی بەعس جەنگاون، شۆڕش دژی ئەو کەسە بووە کە میللەتی کوردی چەوساندۆتەوە،ئەگەر ئێمە خۆشمان جیاوازی بیروڕامان هەبوبێت، بەڵام هەموومان دژی ڕژێمی بەعس جەنگاوین، دوژمنمان

**بەشی سێیەمی گەردەلوول لە بەشی یەکەم و دووەمی ناچێت زۆر فراوانتر و جیاوازترە لە زۆر لاوە**

**ئەگەر فیلمی تایتانیك من کاری دەرهێنانم بۆی کردبوایە لەبەر ئەوەی کوردم دادەبەزینە سەری ئەمە گرفتی سەرەکی ئێمەیە**

**جگە لە بەشی سێیەم بەشی چوارەم و پێنجەمیش لەبەر دەستە**

یەك بوو كە ئەنفالی كردین، كیمیا بارانی كردین، ئازادییەكانی لێ زەوت كردبووین، من باسی جوانی ئەوانەم كردووە كە خۆیان كردە قوربانی، شەهیدەكان لای من زۆر پیرۆزن، بۆیە دەبێ ئێمە لە هەوڵی ئەوەدابین كوردستانییەتی خۆمان بپارێزین و بڵێین ئێمە كوردستانین، چونكە هیچ ناوچەیەكی كوردستان بۆ من جیاوازی نییە و هەموو هەر كوردستانە.

*** ئەو ئەكتەرە بەناوبانگانەی لە بەشی دووەمدا دیار بوون و رۆڵی سەرەكییان هەبوو ئایا هیچیان هەمان رۆڵی سەرەكییان دەبێت؟**

- من حەز دەكەم ئەمە نهێنی بێت تا ئەو كاتەی بەشی سێیەم نمایش دەكرێت، چونكە دەمەوێت وەك موفاجەیەك لای بینەر دروست بكەم، زۆر لە ئەكتەرە سەرەكییەكان دەمێنن و رەنگە هەندێكیان رۆڵیان نەبێت، چونكە سیناریۆكە وادەخوازێت رۆڵی هەندێكیان بهێنمە خوارەوە و بەشداری كردن و دەركەوتنیان تەنیا بە دیمەنێك یان دوو دیمەن بێت، بەڵام دەمەوێ ئەوە باس بكەم جگە لە بەشی سێیەم بەشی چوارەم و پێنجەمیشم لەبەر دەستە رەنگە بۆ ئەو كات سوودیان لێ وەربگرم.

*** لە بەشی یەكەم و دووەمی گەردەلوول هەندێك هونەرمەندی نوێ دەركەوتن و ناسران ئایا لە بەشی سێیەم هیچ ئەكتەری نوێ بەرچاو دەكەوێت؟**

- بێگومان هەوڵمداوە كەسایەتی نوێ لە دراماكەدا بدەمە ناسین، هەروەها و لە بەشی سێیەمیشدا چەند دیمەنێكی تێدا خۆم لە كاتی خوێندنەوەیدا بە دیارییەوە دانیشتووم گریاوم، لە هەمان كاتدا دیمەنی هەیە وای لێكردووم زۆر پێ بكەنم، بەڵام دەمەوێ ئەوەش باس بكەم كە من ئێستا شەو و رۆژ خەریكی نووسینەوەی سیناریۆكەم .

*** بەشی سێیەمی گەردەلوول كەی دەست پێدەكات؟**

- مێژووی بەشی سێیەمی گەردەلوول باس لە ساڵانی ١٩٧٨ تا ١٩٨٢ و ١٩٨٣ دەكات.

*** زۆر لە دەزگاكانی راگەیاندن بە زۆر شێوە باسیان لە گەردەلوول كردووە و لەگەڵ زۆربەی بەشداربووانی گەردەلوول ئەنجامداوە تۆ چۆن رۆڵی ئەو بەشداربووانە هەڵدەسەنگێنی لە خزمەتكردنی هونەری كوردی بەتایبەتی بواری نواندن؟**

- من لە رێگای ئێوەوە سوپاسی هەموو راگەیاندنەكان دەكەم كە بەر هەر شێوەیەك بێت هەوڵی خۆیان داوە و ئازادن، بەڵام پێویستە خەڵك بە ویژدانەوە كاری خۆیان بكەن. هەندێك رۆژنامە هەیە بەداخەوە دەیانەوێت تەنیا سلبیات دەربخات من زۆر جار باسم كردووە و گوتوومە ئەگەر فیلمی تایتانیك من كاری دەرهێنانم بۆی كردبوایە لەبەر ئەوەی كوردم دادەبەزینە سەری ئەمە گرفتی سەرەكی ئێمەیە، كارێكی وا ناكەیەن ببێتە هاندان و پشتیوانی كردن لە كارەكان بە مەبەستی ئەوەی لە ئایندەدا سەركەوتن بە دەست بهێنین. هەندێك رۆژنامە هەیە بازاڕییە زۆر بازاڕیانە كار دەكات بە جۆرێك وای لێهاتووە پیاو حەز نەكات دیداریان لەگەڵدا ساز بكات، بەر لە ماوەیەك رۆژنامەیەك هاتووە دیداریان لەگەڵ من ئەنجامداوە بەداخەوە وێنەیەكی بازاڕی داناوە كە هیچ پەیوەندی بە گەردەلوولەوە نییە، باشە ئەگەر رۆژنامەیەكی قورسایی و سەنگی خۆت هەیە وێنەیەكی هونەری بڵاوبكەوە كە گوزارشت لە دیمانەكە بكات، یان هەندێك جار بەناوی من و كەسانی ترەوە شتیان بڵاوكردۆتەوە، بۆ نموونە لە دیدارێكدا وەنەوشە دەڵێت: كچان زۆر منیان زۆر خۆشدەوێت كەچی رۆژنامەكە نووسیویەتی : كچان زۆر رقیان لە منە، باشە ئەمە ئەرك و كاری رۆژنامەنووسییە، بۆیە بە نیازم لەمەودوا هەندێك خۆم بپارێزم لە دیمانە و چاوپێكەوتنە رۆژنامەوانییەكان.

*** ئەمە بە كەم لێزانی دەزگاكانی راگەیاندن ناو دەبەیت یاخود پێت وایە ئەمە تەشهیرە؟**

- بەداخەوە هەندێك لەوانەی لە راگەیاندن كار دەكەن لە رەوشتی كاری رۆژنامەوانی نازانن كە چەند گرنگە بۆ هوشیار كردنەوەی تاك، ئێمە پێویستمان بە راگەیاندنێك كە لە پرەنسیپ و بنەما و رەوشتی كاری رۆژنامەوانی بزانێت، ئێمە لە ساڵی ١٩٢٠ەوە خەریكی كاری نواندن و شانۆیین تا ئەمرۆ، ئێستا لە سەردەمی پێشكەوتن و تەكنۆلۆژیاین كەچی دەبینین ساڵانی حەفتاكان بە سەردەمی زێڕین ناو دەبەین بۆ شانۆی كوردی، ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە ئەو كاتە پاكی راستگۆیی هەبوو كەچی ئێستا بەرژەوەندی بۆتە پێوەر.من لە حزبێكم رقم لە كەسێكە لە حزبێكی ترە، ئاخر من بۆ بەچاوی حزبییەوە سەیری بكەم بۆ بە چاوێكی كوردانەوەی سەیری شتەكان نەكەم.

*** بە نیازی كەی دەست بەكاری وێنەگرتنی بەشی سێیەكی گەردەلوول بكەیت؟**

- گرنگ ئەوە نییە تۆ پەلە بكەیت، گرنگ ئەوەیە تۆ چی پێشنیار دەكەی و چی دەمینێتەوە، رەنگە مانگێكی تر دەست بكرێت بە وێنەگرتن بەشی سێیەمی گەردەلوول و لە رێگای گۆڤاری گوڵانەوە بە خوێنەران و بینەران دەڵێم پەلەم لێ مەكەن بۆ ئەوەی دوایی گلەییم لێ نەكەن و سوپاسی ئەو كەسانە دەكەم كە هاوكاریم دەكەن بە زانیاری.

**هەوڵمداوە كەسایەتی نوێ لە دراماكەدا بدەمە ناسین**

**گرنگ ئەوە نییە تۆ پەلە بكەیت، گرنگ ئەوەیە تۆ چی پێشنیار دەكەی و چی دەمینێتەوە**

**لە دیدارێكدا وەنەوشە دەڵێت: كچان زۆر منیان زۆر خۆشدەوێت كەچی رۆژنامەكە نووسیویەتی: كچان زۆر رقیان لە منە**



# خۆشترین ساتەکانی ئەیوب عەلی



بەم دواییە هونەرمەندی دەنگخۆش و بە توانا ئەیوب عەلی بەسەردانێك گەڕایەوە هەولێر بۆ بەشداریکردن لە سێیەمین فیستیڤاڵی ئازاد کردنی شاری هەولێر کە لە لایەن پارێزگای هەولێر ساز کرابوو.

هـــەر بەم بۆنەیـــەوە هەر یەکە لە هونەرمەند ئەیـــوب عەلی و چۆپی و ماهیر محەمەد ئەمین ئاهەنگێکی گۆرانییان ساز کرد و بە گۆرانییەکانیان دڵی جەماوەر و هەوادارنیان خۆش کرد، ســـەردانەکەی ئەم دواییـــەی هونەرمەند ئەیوب عەلی دوای ماوەیەك لە سەردانێکی پێشووتری دێت بۆ شاری هەولێر،بەڵام لە سەردانی یەکەمیدا بەهۆی نەخۆشـــی و نالەباری تەندروســـتی نەیتوانی وەك پێویست دڵی جەماوەری خۆی خۆش بکات هەرچەندە بەشـــداری لە ئاهەنگێکی تایبەتدا کرد کە وەزارەتی وەرزش و لاوان بۆ هەڵبژاردنی باشترین رۆژنامەنووس و گۆرانیبێژی لاوی ساڵی رێکخستبوو، بەڵام لە سەردانی ئەم جارەشیاندا کە بە یاوەری هونەرمەند موزیکژەن گۆران کامل بوو دووچاری رووداوێکی سەیر هاتن کاتێ ئەو فڕۆکەی پێی هاتبوون لەبەر نالەباری کەشـــوهەوا و تۆز و خۆڵ نەیتوانی لە فڕۆکەخانەی هەولێر و بەغدا بنیشێتەوە و ناچار بوو لە وڵاتی سوریا نیشتەوە.

لە پەیوەندییەکدا دەربارەی ئەم سەردانەی هونەرمەند ئەیوب عەلی گوتی: زۆر لە دڵەوە حەزم دەکرد بەشداری لە خۆشییەکانی خەڵکی هەولێردا بکەم هەر بۆیەش کاتێك لە لایەن پارێزگای هەولێرەوە بانگێهشت کرام بە دڵخۆشییەوە رازی بووم بۆ بەشداری کردن لەم فیستیڤاڵە، هەروەها ئامادەم بۆ ئەنجامدانی هەر کارێکی دیکە کە خزمەتی شاری هەولێر و هەر شارێکی دیکەی کوردستان بکات .

سەبارەت بە خۆشەویستی بۆ شـــاری هەولێر هونەرمەند ئەیوب عەلی گوتی: ئەوەی راستی بێت بۆ من هەموو شارەکانی کوردستان وەك یەکن و هەموویان لای من خۆشەویســـتن، هیچ جیاوازییەك نییە لە نێوان هەولێر و ســـلێمانی و کەرکوك و مهاباد و قامیشـــلۆ و دیاربەکر، بەڵام پێویســـتە دان بەو راستییە بنێم من وەك هونەرمەنـــد لە هەولێر دەرکەوتم، یەکەم جار کە هاتمە ســـەر تەختەی شـــانۆ لە ئاهەنگەکانـــی کۆلێژ بوون من ئەو کاتە لە هەولێـــر قوتابی کۆلێژی ئەندازیاری بووم هەر لەو کاتەی لە هەولێر بووم چەند هاوڕێیەکی هونەرمەندم ناسی و لەوێوە دەســـتمان بە کاری هونەری کرد،ژیانی زانکـــۆ تاموچێژێکی تایبەتی هەیە بۆ هەموو کەســـێك منیش ئەو قۆناغەی تەمەنم لە شاری هەولێر بەسەر بردووە، بۆیە دەڵێم هەرچەندە من لە شـــاری هەولێر لەدایك نەبووم، بەڵام خۆشـــترین ساتەکانی تەمەنم لە هەولێر بەسەر بردووە.



# بۆ گەنج گۆرانی دەڵێ

لۆکـــە زاهیر وەك زۆربەی ئەو کچانـــەی بەهرەی هونەری گۆرانی گوتنیان هەیە ماوەیەکە دەســـتی داوەتە گۆرانی گوتن هەرچەندە تا ئێســـتا هیچ بەرهەمێکی بڵاو نەکراونەتەوە، بەڵام ئەو هەمیشە لە ئاهەنگەکان گۆرانی گوتووە و سەرنجی گوێگرانی بۆ خۆی راکێشاوە، ئێســـتا لە خۆ ئامادە کردندایە بۆ بڵاوکردنەوەی یەکەم بەرهەمی خـــۆی کە لە دە تراك پێکهاتووە هەر بۆ ئەم مەبەســـتەش مـــاوەی چەند رۆژێکە بە سەردانێك هاتووەتە کوردستان.

**لە دەرفەتێکدا لۆکە زاهیر دەربارەی سەردانەکەی بۆ گۆڤاری گوڵان دوا و گوتی:**
ماوەیەك بەر لە ئێســـتا سەردانی وڵاتی ئەڵمانیام کرد بۆ تۆمارکردنی کلیپی گۆرانی (تـــرس) کە یەکێکە لە گۆرانییەکانی بەرهەمەکەم ئەم گۆرانییەمان بەسەرپەرشـــتی دەرهێنەری بە توانای کورد شۆڕشڤان سدیق و بە بەشداری ستافێکی ئەڵمانی تۆمار کـــرد و دوای ماوەیەکی دیکە لە کەناڵی ئاســـمانی کـــۆرەك پەخش و بڵاودەکرێتەوە، هەروەها دوای ئەوەی هەموو کارەکانی ئەم کلیپە تەواو دەبن بە نیازین کلیپێکی دیکە تۆمار بکەین کە ئەویش یەکێکە لە گۆرانییەکانی بەرهەمەکەم، بەڵام بۆ کلیپی دووەم هەموو کارەکانی لە کوردستان ئەنجام دەدەین.

**دەربـــارەی ئەوەی بۆچی ناوی بەرهەمەکەی نـــاوە (sms) لۆکە دەڵێ:** ئەوەی راستی بێت هەڵبژاردنی ئەم جۆرە ناوە بۆ بەرهەمی هونەری بەتایبەتی ئەگەر یەکەم بەرهەمـــی هونەرمەند بێت کارێکی نوێیە و رەنگە کەس هەر بە خەیاڵیشـــیدا نەیەت و زۆریشـــم پێ جوان بوو، بۆیە حەزم کرد جگە لە گۆرانییەکە ســـیدییەکەش هەر بەو ناوە بێت، هەروەها ئەم گۆرانییە شـــتێکی زۆر گەنجانە و سەردەمیانەیە، تێکستی ئەم گۆرانییە هی گەنجێکی بە توانایە بە ناوی ئاریۆس حەمە سەعید ئیبراهیم.

دەربارەی پێشبینییەکانی بۆ پێشوازی کردنی جەماوەر لەم جۆرە بەرهەم و گۆرانیانە لۆکـــە بە دڵنیاییەوە دەڵێ: من دڵنیا و بێگومانم لەوەی کە ئەم گۆرانییە دەچێتە ناو خەڵکەوە و پێشـــوازییەکی گەرمیشی لێدەکەن، چونکە کارێکی زۆر گەنجانە و تازەیە و کاری لەم جۆرە نەکراوە، هەروەها کارێکی تەواو گەنجانەیە و هونەرمەندە گەنجەکان زۆر کاریگەرییان بەسەر منەوە هەبووە، بەڵام ناتوانم بڵێم کە هونەرمەندە بە تەمەنەکان هیچ کاریگەرییان بەســـەر منەوە نەبووە و زۆریش سوودم لێیان وەرگرتووە، بەڵام زیاتر بە گەنجەکانەوە سەرســـام بووم، هەروەها دەتوانـــم بڵێم زۆربەی گۆرانییەکانم گۆرانی گەنجانەیە، لە هەمان کاتدا گۆرانی وای تێدایە کە هەموو کەســـێك دەتوانێت گوێی لێبگرێت .